# دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزێ بە گوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان
## ( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار )


**م.ی بێستون احمد حسێن**

**زانکۆی ڕا پەڕین**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی جوگرافیا**


**پێشەکی**

لێکۆڵینەوەکان لە بواری جوگرافیای شار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشکەوتن و فراوانبوون بەخۆیانەوە دەبینن ، هەربۆیە دەرکەوتنی بابەتە تازەکانی بەڵگەو گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن کە جوگرافیای شار بەردەوام بابەتی تازە و سەردەمی و هەمەچەشنە و لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژگار بەدوای خۆیان دا دەهێنییێت. بێگومان هەر ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەیە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا شارو بابەتەکانی شار ببنە جێگەی سەرنج و تێڕامانی زۆرێك لە پسپۆڕە جیاوازەکانی وەك دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵناسی و جوگرافی ناسان و زۆرێك لە توێژەرانی تر ، یەکێك لەوبابەتانەی کە سەردەمی و تازەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە بواری جوگرافیای شاردا گرنگی زۆری پێی دەدرێت ئەویش بابەتی هەرێمی شارە، وەك ئاشکرایە شارەکان لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بەخێرایی گەشەدەکەن ئەم گەشەکردنەش لەچەند بوارێکی جیاواز وەك دیمۆگرافی و ئابووری زۆر بەخێرای هەنگاویان نائەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کەکاریگەری شار بگاتە ناوچەی دەوروبەری و دوور لە خۆی بەجۆرێك کە هەندێك جار سنووری کارگێڕیەکەی تێ دەپەڕێنێت.

لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بڵێین شاری قەڵادزێ هاوشێوەی زۆرێك لە شارەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەهەریەك لە بوارە جیاوازەکانی دیمۆگرافی وبازرگانی و ئابووری و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لەشارەکەدا ، بێگومان ئەمەش جۆرێك لەکاریگەری بەرچاوی هەرێمی لەناوچەکەدا بەوشارە بەخشیوە کەجێگەی گرنگی پێ دانە. سەبارەت بەهەرێمی شاری قەڵادزێ لەم توێژینەوەیەدا تەنها یەك جۆر لەهەرێمی شاری قەڵادزێ باس دەکەین ئەویش هەرێمی شارەکە یە بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان

**گرنگی : توێژینەوەکە**

گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە کە لەئێستادا توێژینەوەکانی جوگرافیای شار لە چوارچێوەی ناوخۆی شار دەرچوون بەجۆرێك لەسەردەمی ئێستادا زۆر گرنگی بەبابەتی دەرەوەی شارو پەیوەندیەکانی شار لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەدرێت کە ناونراوە هەرێمی شار ئەمە جگە لەوەی کە لە م سەردەمەدا ئەم بابەتە بۆتە جێگەی



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گرنگی پێ دانی وولاتانی پێشکەوتووی جیهان کە ئە مریکای خۆی خاوەنی ئەو بیرۆکەیە ، لەهەمان کاتدا لە ئێستادا لەزۆرێك لە وولاتانی ئەوروپا و وولاتانی عەرەبی ئەم بابەتە بۆتە جێگەی گرنگی پێدان ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە شاری قەڵادزێ لەدوای ساڵانی ٢٠٠٣ لە ڕووی دیمۆگرافیەوە بەخێرای گەشەی کردووە ئەمەش سەرئەنجام بۆتە هۆی ئەوەی کەوا شاری قەڵادزێ زۆر بەخێرای کاریگەریەکانیان بەسەر گوند وشارەکانی ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەر و دوور لە خۆیان دروست بکەن، هەروەها گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەبێتە بنەمایەك بۆپلان دانان و پەرەپێدانی هەرێمی ناوچەکە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

.بێگومان هەموو توێژینەوەیەك ئامانجێك یان زیاتری لە پشتەوەیە ئامانجی ئەم توێژینەوەش خۆی لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە.

١- دیاریکردنی سنوور و شێوەی هەرێمی شاری قەڵادزێ.

٢- دەست نیشانکردنی ئاستی کاریگەری هەرێمی شاری قەڵادزێیە کە تاچ شارو شارۆچکە یەك درێژدەبێتەوە لەگەڵ خستنە ڕووی ئەوەی کە شاری قەڵادزێ توانیویەتی زۆرترین کاریگەری بکا تە سەر چەند شاری دەوروبەری.

٣- دیاریکردنی ڕووبەری هەرێمی شارەکەوە خستنە ڕووی ئەوەی کە تاچەند گونجاوە لەگەڵ ڕووبەری قەزای پشدەر.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بێگومان هە مووتوێژینەوەیەك پێوویستی بە بەکارهێنانی میتۆدیك یان چەند مێتۆدێکی لەیەکتری جیاواز هەیە بۆ ئەم مە بەستەش توێژینەوەکە پشتی بە ستووە بە میتۆدەکانی وەسفی وشیکاری وبەراووردکاری لەگەڵ پەیڕەوکردنی شێوازی چەندێتی.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بێگومان توێژینەوەکە لەچەندگریمانەیەکەوە سەرچاوەی گرتوە.

١- گەشەکردنی بەرچاوی دیمۆگرافی شاری قەڵادزێ بەراوورد بەشارۆچکە کانی دەوروبەری کاریگەری لەسەر سنووری هەریمی شارەکە.

٢- گرنگی شوێنی جوگرافی شارەکە وەك شارێکی سنوری لە گەڵ وولاتی ئێران.

٣- هاو ڕێك نە بوونی سنووری هەرێمی شارەکەو سنووری هەرێمە کارگێڕیەکەی

**پلانی توێژینەوەکە:**

لەڕاستیدا هەمووتوێژینەوەیەك پێوویستی بە پلانێکی تۆکمەو بەهێز هەیە تاوەکو ئەوئامانجەی کە دیاری کردوە پێی بگات سەبارەت بەناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێك هاتووە لە چوار باس: باسی یەکەم: تایبەت بە ناساندنی پێگەو شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ ، باسی دووەم باس لەپەیوەندی نێوان شارو هەرێمەکەی دەکات ، هەرچی باسی سێیەمە تیشك دەخاتە هەرێمی شارو ڕێگاکانی سەر دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار کە پێك هاتووە لە دوو تەوەرە : تەوەرەی یەکەم باسکردنە لە هەرێمی شار، تەوەرەی دووەم ڕۆشنایی دەخاتە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەر ڕێگاکانی دیاریکردنی هەرێمی شار ، باسی چوارەم تیشك دەخاتە سەر هەرێمی شاری قەلادزێ بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان .

**باسی یەکەم: پێگەو شوێنی جوگرافی شاری قەلادزێ**

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تێك بخەینە سەر ناساندنی پێگەو شوێنی جوگرافی شاری قەلادزێ.

شاری (قەلادزێ) دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی هەرێمی کوردستانی عێراق و باکوری خۆرهەلاتی پاریزگای سلێمانی وە سەنتەری قەزای پشدەرە و دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای قەزای پشدەر لەپارێزگای سلێمانی بڕوانە نەخشەی (١).

لەڕووی پێگەی فەلەکیەوە شاری قەلادزێ دەکەوێتە نێوان هەردووك بازنەی پانی ( ١٨ً ،١٢ً، ٣٦° — ٣٧ً ، ١٠ً ،٣٦° ) باکوور و هێڵی درێژی ( ٣٠ً ، ٩ً ، ٤٥° - ٧ً ، ٦ً ,٤٥°) خۆرهەلات[١].

ئەگەرئاماژەیەك بەسنووری جوگرافی ئەم شارەبکەین دەبینین لە باکوریەوە زنجیرە چیای قەندیلە ، لەباشوریەوە زنجیرە چیای ئاسۆسە لەگەڵ زێی بچووك، لەڕۆژهەلاتیەوە دۆڵی ئالاوەو هەریەك لەشاخەکانی بلفەت و دوپەزەو مامەندە و هەرمێن ، لە ڕۆژئاواشەوە دۆڵی ژاراوە و شروێت و زێی بچووك و چیای کێوەڕەشە[٢].

سەبارەت بەو یەکە کارگێڕیانەی کەدەوری شاری قەلادزێیان داوە بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە بەچەند یەکەیەکی کارگێری دەورەدراوە، لەبەرئەوەی ئەم شارە لەناوچەیەکی سنووری دا هەلکەوتووە بۆیە دووری ئەم شارە بەهۆی ئەو ڕێگایانەی کە قەلادزێ بەسنووری وولاتی ئێرانەوە دەبەستێتەوە (٢٨,٥)کم[٣].سەبارەت بە ڕووبەری شاری قەلادزێ بەپێی دوایین نەخشەی بنەڕەتی ساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی (١٦,٤)کم٢[٤]، کە لە(٦٥,٩٪) لەکۆی ڕووبەری سەنتەرە شارنشینیەکانی قەزای پشدەر پێك دەهێنێ.[٥] بەرزی شوێنی جوگرافی شاری قەلادزێ لەئاستی ڕووی دەریاوە(٦٤٣)م[٦]،

لەڕووی دابەشبوونی لایەنەکانی تۆبۆگرافیەوە دەکەوێتە ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ئالۆزەوە، [٧] کە شێوەی ئاوزێڵێکی داخراوی وەرگرتوو، هەروەها ئەم شارە لەسەر دەشتێکی بەپیتی کشتوکاڵی ناوچەی شاخاوی هەلکەوتووەبەناوی دەشتی پشدەر کە تێکڕای ڕووبەری ئەم دەشتە(١٩٥)کم٢ [٨] کە (٢٠) کم درێژ دەبێتەوە[٩].

---

(١) بەهۆی بەرنامەی(google Earth)و نەخشەی بنەڕەتی شاری قەلادزێ لە ساڵی (٢٠١٦) شوێنی فەلەکی شاری قەلادزێ دیاری کراوە.

(٢) وزارة الدفاع، خارطة القوات المسلحة العراقية العسكرية ،قلعةدزة ،بقياس(١:١٠٠,٠٠٠) سنة ، ٢٠٠٠.

(٣) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین ، بەشی تەکنیکی.

(٤) وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەلادزێ، نەخشەی بنەڕەتی شاری قەلادزێ ، ساڵی ٢٠١٦، بەپێوەری (١:٤٠٠٠).

(٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری ،بەشی Gis.

(٦) بە بەکارهێنانی ئامێری Gps دیاری کراوە لەجۆری Garmin rino 120.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەبارە ت بە ئاووهەوای شاری قەڵادزێ لەجۆری ئاووهەوای نیمچەخولگەیی کیشوەریە، بارانەکەی دەکەوێتە ژێر سیستەمی دەریای ناوەڕاست ،کەزستانی ساردو باراناویەو هاوینی گەرم و ووشکە، بەڵام لە زستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو بەفرێکی زۆر لە لوتکەی چیاکان دەبارێت[1].

شوێنی ئەم شارە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو، کە خۆی لە هەرسێ جۆری باران و بەفرو ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دا دەبینێتەوە، لە ڕووی باران بارینەوە دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر و تێکڕای باران بارینی ساڵانەی زیاترە لە( ٥٠٠ ) ملم و بارانی ناوچەکە لە جۆری بارانی (بەرزو نزمە باران و بۆرانە بارانە)[2].

سەبارەت بەئاوی سەر زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بەئاوی سەر زەوی بەهۆی تێپەڕبوونی زێی بچووك بەشاری قەڵادزێ[3]

شاری قەڵادزێ لەڕووی تۆڕەکانی ڕێگاوبانەوە بەهۆی کۆمەڵێك ڕێگای ناوخۆیی ودەرەکیەوە بەناوچە وبەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبەسترێتەوە،بەجۆرێك لەناوخۆی قەزاکەدا بەستراوەتەوە بەچەندین شارو شارۆچکەی دەوروبەری وەك (هێرۆ- هەڵشۆ- سەنگەسەر- ژاراوە- ئیسێوە) لە دەرەوەی سنووری قەزاکەش بەهەریەك لە قەزاکانی ( ڕانیە و دوکان و کۆیە و چۆمان و دەشتی مەرگە و هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر) بەستراوەتەوە[4]. هەروەها بەستنەوەی بە وواڵتی ئێرانەوە بە هۆی شوێنە سنووریەکەی و تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەو شارەدا[5]

بێگومان بەستنەوەی ئەم شارە بەهۆی ئەم تۆڕە فراوانەی ڕێگاو بان لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەمەندی ناوچەکە لەڕووی ئابووریەوە بۆتەهۆی گەشەکردنی پەیوەندیەکان وئاڵوگۆڕکردن لە نێوان شاری قەڵادزێ و هەرێمەی شارەکەدا.

---

(٧) خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ، ٢٠٠٥، لا ١٤٢-١٤٣ .

(٨) فؤادحمة خورشید، قضاء بشدر دراسة في الجغرافیة البشریة، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٣،ص١٧-ص٢٢.

(٩) جاسم محمد الخلف، محاضرات في الجغرافیة الطبیعیة و الأقتصادیة والبشریة، ، ١٩٦١، القاهرة، ص٧٩.

(١) عباس فاضل السعدی، منطقة الزاب الصغیر في العراق، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦، ص٦٢- ٨٠.

(٢) سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندیەکانی باران بارین لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا١٥٨-١٥٩.

(٣) سناء عبد الباقی بكر،مصادرالثروة الطبیعیة فی حوض دوكان وسبل صیانتها،رسالة ماجستیر ، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین ، اربیل،٢٠٠٣ ص١١٨

(٤) شادی حمید محەمەد، ڕێگاکانی ئوتۆمبیل لەپارێزگای سلێمانی ، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای گواستنەوە،نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١، لا٣٢ -٣٤، لا ٢٠٦.

(٥) ابراهیم شریف، الموقع الجغرافي للعراق و أثره في تأریخیه العام حتى الفتح الاسلامی، الجزء الاول، مطبعة شفیق، بغداد، بدون سنة طبع، ص١١٠- ١١١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە (١)**

**شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگای سلێمانی**




١- **خلیل اسماعیل محمد، القضیة الکردیة فی العراق وجود أم حدود، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل ، ٢٠٠٦، ص١٧.**

٢- **حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری،بەشیGIS**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەخشەی ژمارە(٢)

شوێنی جوگرافی شاری قەڵادزێ بە گوێرەی یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری بەشی GIS، ساڵی ٢٠١٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

باسی  دووەم :پەیوەندی نێوان شاروهەرێمەکەی

کاتێك باس لەپەیوەندیە هەرێمیەکانی شارێك دەکەین بۆمان دەر دەکەوێت کەوا چەندین جۆر پەیوەندی هەرێمی لەنێوان شارو ئەوناوچانەی کەدەورەی شارەکەیان داوە هەیە، پەیوەندیەکانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

یەکەم: پەیوەندی ئابووری ئەم پەیوەندیە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری وەك بازرگانی و پیشەسازی و کشتووکاڵی

١- پەیوەندی بازرگانی :  بازرگانی دادەنرێت بەگرنگترین ڕووخسارەکانی پەیوەندیە پیشەییەکانی نێوان شارو هەرێمەکەی ، بەشێوەیەك وەك ناوەندێك وایە بۆئەنجام دانی پەیوەندیەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی هەرێمێك لەگەڵ هەرێمێکی تر هەورەوها لەگەڵ هەموو ئەو گوندو شارۆچکە بچووکانەی کە دەکەونە سنووری هەرێمی شارەکەوە، بەواتایەکی تر هەموو ئەو گوندو شارۆچکە بچووکانەی کە هەرێمی شارەکە لەخۆیان دەگرێت، بێگومان پەیوەندی بازرگانی شار لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەلاَتی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەو دابین کردنی پێداوویستیەکانی دانیشتوانی گوند نشینەکان، لەڕاستیدا گوندنشینەکان و زۆرێك لە دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکان  ڕۆژانە یان هەفتانە ماوەیەکی دیاریکراو دەبڕن بۆ گەیشتن بەشارەکە لەپێناوی کڕینی پێداوویستیەکان و ئەنجام دانی بازرگانی کردنی بەتاك و بە کۆمەڵ [١].ڕۆڵی بازرگانی لەشاردا یەکێکە لە ئامرازەکانی تەواوکاری هەرێمی و لادێنشینی لەرا ستیدا کۆکردنــەوەو دابەشکردنی کــە ل وپــەل وکالاَکان لەسنووری هەرێمی شاردا ، بەیەکێك لە ڕووخسارەکانی چالاکی هەرێمی هەژماردەکرێت، وە دانیشتوانی گوندنشینەکان دێنە شار بۆبەدەست هێنان و کڕینی پێداوویستیە ناوخۆیی و بیانیەکان کە ڕۆژانە پێوویستیان پێیەتی ، وەزۆرێك لە بازرگانە گەورەکان کڕیارەکانیان بریتین لە گوندنشینەکان و دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکانی هەرێمی شارەکە،بێگومان ڕۆڵی شاری بازرگانی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەبازرگانی کردنی بەکۆمەڵ دەردەکەوێت[٢]

٢-  پەیوەندی پیشەسازی  : لەڕاستیدا پەیوەندیەکی ڕیشەیی بەهێزهەیە لەنێوان شارو هەرێمەکەی لەڕوانگەی پیشەسازیەوە، چونکە پیشەسازی لە شاردا هەمیشە پێویستی بە جۆری جیاوازی کەرەستەی سادەو ساکار هەیە، کە هەندێکیان لە هەرێمی شاردان وەك کەرەستە کشتوکاڵیەکان خۆراکی و لۆکەو بەرهوومی شیرو گۆشت ....، لەهەمان کاتدا ئەم ناوچانە هێزی کار بەهەردووجۆری شارەزاو نەشارەزا بۆ چالاکی پیشەسازی دابین دەکات ،پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا پەیوەندیەکان لە زۆرێك لە ولاَتاندا بەشێوەیەك دەرکەوتن کەوا پیشەسازیەکان لەناوچە گوندنشینەکان دادەمەزران ئەمەش بەئامانجی سوودی زیاتر لە شوێنەکە وە کەمکردنەوەی نرخی تێچوونی زەوی باج و هەروەها ڕێگەگرتن لە پیسبوونی هەوای شارو زۆرێك لە کێشەکانی تری شارەکە بەهۆی کارگە پیشەسازیەکانەوە لەشاردا دروست دەبن.[٣]لە ڕاستیدا شۆڕشی پیشەسازی بوو بەهۆی کۆبوونەوەی دانیشتوان لە شارەکاندا، بەشێوەیەك شارەکان بوونە سەنتەرێك بۆ کارکردن بێگومان لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی و زیادبوونی

---

[١] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن،جغرافیة المدن ،وزارة التعلیم العالی و البحث العلمی، جامعة بغداد،بغداد،١٩٨٥، ص ٣٧٥

[٢] عرب دعکور،تاریخ المجتمع الریف و المدنی ،دار المواسم للطباعة و النشر و التوزیع، بیروت، ٢٠٠٤،ص١٧٧

[٣] عبدالحکیم ناصر العشاوی، جغرافیة المدن، المکتب الجامعی الحدیث، یعن تمز، ٢٠٠٨، ص١٥١- ١٥٢ .


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

ژمارەی کارگەکان لەشارەکاندا وە زیادبوونی هێزی کار بەهۆی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شار بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا ئەمەش بوو بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانی شار لەسەر حسابی دانیشتوانی گوندەکان و گەشەکردنی پیشەسازی و بەرفراوانبوونی پەیوەندییە هەرێمەکانی شارەکە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری[١].

٣- پەیوەندی کشتوکاڵی

لەچوارچێوەی سنوری هەرێمی شاردا جگە لەو پەیوەندیانەی کە پێشتر باسمان کرد پەیوەندی کشتوکاڵیش لە نێوان شارو هەرێمەکەی دا بەیەکێك لە پەیوەندیەکانی تردا دادەنرێت، بێگومان گەشەکردنی شار پەیوەندی هەیە بە بوونی بڕی بەرهەمی خۆراکی زیادە لەهەمان کاتدا لادێکانیش هەمیشە وەك سفرەی ڕازاوەی شارەکان تەماشادەکرێت بەجۆرێك کەلادێکانیش بەرپرسی سەرەکی و یەکەمین لە دابینکردنی کەسەرەی خۆراکی و کەرەسەی کشتوکاڵی و بەرهەمی ئاژەڵی شارەکان لەهەمان کاتدا [٢] شارەکان وەك بازاڕێکی گەورەی بەکارهێنانی خۆراك دەناسرێت لەدابینکردنی پێداویستیەکانی شار لە کەرەستەی خۆراکی بەرێژەی زۆر[٣]، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵنەرێك و پاڵپشتێکی باشی کشتوکاڵی بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەمی و پێشکەتوو بەتایبەت لەو زەویانەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەوری شارەکەیان داوە وتەرخانکراون بۆ کشتوکاڵ و سەوزایی میوەو بەرهەمهێنانی بەرهەمە ئاژەڵیەکان وەك سپایی و شیرکەڕۆژانە دانیشتوانی شار پێویستیان پێیەتی[٤]. ئەمەش جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان شارو ناوچەکانی دەوروبەری.

دووەم / پەیوەندی دانیشتوان

سەبارەت بە پەیوەندی هەرێمی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری لە ڕوانگەی پەیوەندیەکانی دانیشتوان، هەمیشە شار لەناو چوارچێوەی سنوری هەرێمەکەی دا وەك جەمسەرێکی راکێشان کاردەکات بەشێوەیەك هەمیشە شار سەنتەرێك بووە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان ئەو گوندانەی کە دەوری شارەکەیان داوە لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندیەی کە شار لە ڕوانگەی دانیشتوانەوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیانە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر :

١- کۆچ کردن لەلادێکانەوە بۆ شار. ٢- هاتوچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە شاردا.

١- کۆچکردن لەلادێ کانەوە بەرەو شارەکان :

بەنسبەت کۆچکردن لەم ڕۆژگارەدادیاردەیەکی جیهانیە وکۆنەو هەمیشە شارەکان بۆگەشەکردنیان پشتیان بەدانیشتوانی گوندنشینەکان بەستووە[٥]، لە ڕاستیدا کۆچکردنی دانیشتوان زادەی ئەمرۆ دوێنێ نیە بەڵکو دیاردەیەکی دێرینە و لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدابووە ئەم دیاردەیە هەرهەبووە[٦].لەم ڕوانگەیەوە

[١] عبدالله عطوى، جغرافية المدن الجزء الآول، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠١، ص٢٥.

[٢] نفس مصدر، ص٢٥.

[٣] عرب دمكور، تأريخ المجتمع الريفى والمدن، المصدر السابق، ص١٧١-١٧٣.

[٤] عبداللة عطوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٥.

[٥] عبدعلى الخفاف محمد صالح المرسومى، المبادئ العامة الجغرافيا المدن، دار الكندى للنشرو التوزيع، ٢٠٠٠، ص١٦٥.٣

[٦] خليل اسماعيل محمد، کۆچی توانا زانستیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی سلێمانی ،کۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی سیانزە هەم ٢٠٠٢. لا٥-٦.

جوڵانەوەی مرۆڤ بەتایبەت ڕەوکردنی لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان، یەکێکە لەو هۆکارە تایبەتیانەی کە ئاراستەی گەشەکرنی دانیشتوان دیاری دەکات[1]، هەروەها کۆچکردن لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان دیاردەیەکی تازەنیە هەمیشە شارەکان پشت بە دانیشتوانی گوندەکان دەبەستن، چونکە گوندەکان تەنها پێداویستی و خۆراك بۆ شارەکان دابین ناکەن، بەڵکو هێزی دووەمن لە دابینکردنی دانیشتوان بۆ شارەکان ئەمەش لەڕێگەی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان دەکرێت[2]

بێگومان کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە وەك دۆزینەوەو گەڕان بەدوای هەلی کارکردن و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریەکان و بەرجەستەکردنی خۆشگوزەرانی کەلە گوندەکانیان ناتوانن بەدەستی بهێنن، لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ئەم جۆرە کۆچ کردنە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابوری و سیاسی و زۆرێك لەولاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی تازە گەشەسەندووەکان[3].

٢- هاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە شاردا:

هاتووچۆکردنی ڕۆژانەی دانیشتوان بەرەو شوێنی کارکردن لەسنوری شارەکەدا وەیان لەنێوان بەشە جیاوازەکانی هەرێمی شارەکەدا جۆرێکە لەجۆرەکانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی، ئەم جۆرە هاتووچۆکردنەی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە نێوان بەشە جیاوازەکانی شار وەیان لە گوندەکان و شارە بچووکەکانی چوارچێوەی هەرێمی شارەکەوە بەرەو شار ڕوودەدات، ئەمە جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی، بێگومان ئەم جۆرە هاتووچۆکردنە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە نزیك شوێنی کارکردنەکەی هەروەها قەیرانی نیشتەجێبوون بەهۆی نەبوونی یەکەی نیشتەجێ بوونی پێویست بۆ دانیشتوان ، بۆیە پێویستە یەکەی نیشتەجێ بوون یان شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو کەسانەی کە لەشاردا کاردەکەن دابین بکرێت یان دابینکردنی ڕێگای گواستنەوەی ئاسان و سەلامەت بە نرخێکی کەم تاکو بتوانن بە ئاسانی بگەنە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان.

لە ڕاستیدا هاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن دەکرێت بە دوو جۆرە:

١- کۆچی دانیشتوانی شارە گەورەکان لە دڵی شارەوە بەرەو ناوچەکانی لێوارو کەناری شار بەمەبەستی بەدەست هێنانی ژیانێکی ئارام و خۆش و نیشتەجێ بوون لە خانوو یەکەی نیشتەجێ بوونی شیاو گونجاو بۆ ژیان ئەم جۆرە کۆچکردنە لەدڵی شارەوە بەرەو لێواری شار جۆرێکە لە کۆچی ئارەزوومەندانە.[4]

٢- ڕۆیشتن بەرەو کارکردن لە بەیانی دا و گەڕانەوە لە ئێواراندا.

ئەم جۆرە هاتوچۆکردنە لەشارە گەورە پیشەسازیەکان زیاتر بووونی هەیە ، بەشێوەیەك ئەم شارە هێندە گەورەن لەڕووی ڕووبەرو قەبارەی دانیشتوانەوە بەشێوەیەك کە ژیان تیایاندا جەنجاڵە هەربۆیە بەهۆی

---

[1] خەلیل ئیسماعیل محمد، کێشەی کورد لە حەقیقەتە مێژووییەکاندا واقیعی جوگرافیای ناوچەکەدا، جیۆستراتیجی کوردستانی عێراق، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥١٧.

[2] نيس. هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد علاة، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٤١.

[3] عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢- ١٥٣.

[4] بروانة : أ- عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢- ١٥٣.

ب- صبرى فارس الهيتى و صالح فليح حسن، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٣٧٧.

جۆراوجۆری پیشەكان لەو شارانەدا رۆژانە هەزاران كرێكار بەمەبەستە جیاجیاكان لە شارەوە ڕوو لەشوێنی كاركردنیان لەكارگەكان دەكەون وە دەگەڕێنەوە ، بێگومان ئەم كرێكارانە ڕوودەكەنە لێوارو كەناری شار كە چەندین كارگەی جۆراو جۆریان تێدایە یان ڕوودەكەنە ئەو كارگەو دامەزراوانەی كە بەدرێژایی رێگاكانی گواستنەوە و هاتووچۆكردن و ڕووبارە هێڵەكانی گواستنەوەی شەمەندەفەر درێژبوونەوە

سێیەم / پەیوەندی كارگێڕی و رۆشنبیری و خزمەتگوزاری

شار ناوەندێكی كارگێڕیە بۆ دانیشتوانی ئەولادێیانەی كە دەوری شارەكەیان داوە، ئەم پیشەیە كە ناسراوە بە پیشەی كارگێڕی، بێگومان دانیشتوانی لادێكان و ئەو شارۆچكە بچووكانەی كە دەكەونە سنوری هەرێمی شارەكە ڕۆژانە سەردانی دامەزراوە و فەرمانگە كارگێڕیەكانی دەوڵەت دەكەن لەشاردا بەمەبەستی ڕایكردنی مامەڵەكانیان لە هەمانكاتدا پەیوەندی رۆشنبیریشدا دەبینێتەوە ئەمەش وەكو خوێندنگەكان و زانكۆو پەیمانگاكان و ئەو نووسینگانەی یان دامەزراوە فێركاریانەی كە دانیشتوانی لادێ نشینەكان و ئەو ناوچانەی كە دەوری شارەكەیان داوە یان دەكەونە سنوری هەرێمی شارەكە سوودیان لێ وەردەگرن، هەروەها لە شاردا چەند یانەو شانۆ و خانەی رۆشنبیری هەیە كە بەسەر دامەزراوی رۆشنبیری و خزمەتگوزاری و رۆشنبیری پێشكەش دەكەن بە شێوەیەك كە گوندنشینەكان زۆر جار لەسەر دانەكانیان بەیانیان سەردانی ئەو دامەزراوەو بنكە رۆشنبیریانە دەكەن و تیادا كۆدەبنەوە(1).

شار ناوەندێكە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆییەكان كە هۆكارێكن بۆ ڕاكێشانی گوندنشینەكان و دروستكردنی پردی پەیوەندی كردن لەنێوان گوند نشینەكان و شاردا لەگەڵ ئەوەشدا بوونی پەیوەندی هەرێمی نێوان شارو ئەو ناوچانەی كە دەوری شاریان داوە لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرانەی كە شارەكە پێشكەشی ناوچەكانی دەوربەری دەكات دادەمەزرێن لەو خزمەتگوزاریانە وەك تەندروستی و پەروەردەی و كۆمەلایەتی و خۆش گوزەرانی ..هتدر، بەشێوەیەك كەهەریەك لەو خزمەتگوزاریانە گرنگی و كاریگەری خۆی هەیە وێنای پەیوەندیەكانی شار لەگەڵ هەرێمەكەی دا دەكێشی . وە سنوری كاریگەری خۆی هەیە واتا هەریەك لەو خزمەتگوزاریانە تاكو چەند ناوچەیەك كە شارەكە پێشكەشی دەوربەرەكەی دەكات خزمەت بەدانیشتوان بكات و پێداویستیەكانی دانیشتوان پڕ بكاتەوە كاریگەری هەتاكو ئەو شوێنە دەروات و سنورەكەی لەو شوێنە كۆتایی دێت ، هەروەها خزمەتگوزاری گواستنەوەی بە هۆكارێكی كاریگەرو گرنگ دادەنرێت لە دیاریكردنی مەودای كاریگەری شارەكە لەكاتێكدا گواستنەوەش پەیوەندی هەیە چەند هۆكارێكی تری وەك تێچوون و كات و هەوڵدان (2).

(1) صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٧٨-٣٧٩.

(2)، المصدر نفسة، ص٣٧٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**باسی سێیەم : هەرێمی شارو ڕێگاکانی دیاریکردنی هەرێمی شار**

**تەوەرەی یەکەم: هەرێمی شار :**

**لێکۆڵینەوەکانی هەرێمی شار لە جوگرافیای شاردا گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەرێمی شار لەسەر بنەمای پەیوەندیەکان و تێکەڵابوون لەنێوان شارو ئەو ناوچانەی (وەك لادێ و شارو شارۆچکەکان)، کە دەوری شارەکەیان داوە دادەمەزرێت، بێگومان ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوبوونەش لەچەندین بواری جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە، هەموو شارێك قەبارەکەی هەر چەندێك بێت، چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە دەوریان داوە هەیە، ئەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕکردنەی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا ناودەبرێت بە هەرێمی شار[١] ، سەبارەت بەزاراوەی هەرێمی شاربۆ یەکەم جارلەلایەن نووسینگەی ویلایەتە یە کگرتوەکانی ئەمریکاو لەسەرژمێری ساڵی ١٩١٠ بەکارهێنراوە [٢] ، هەروەها لە کتێبی توێژینەوە جوگرافیەکاندا چەندین شێوە بۆ گوزارشت کردن لە زاراوەی هەرێمی شار بەکارهێنراوە لە دیارترینەکانیان هەرێمی پیشە یی functional region [٣] urban filed کێلگەی شارنشینی urban in flunce zone مەودای کاریگەری شارنشینی hinter land ناوچەکانی پشتەوەی شار city service area ئەو ناوچانەی کە شارخزمەتیان دەکات ژینگەی شار city inviroment .**

**سەبارەت ناساندنی هەرێمی شار تێڕوانینی جیاواز هەیە لە نێوان جوگرافی ناسان : کلاَوسۆن دەڵێت هەرێمی شار بریتیە لەو ڕووبەرەی کە یان ناوچە جوگرافیەی کە پشت دەبە ستێت بە ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان بەشەکانی لەسەر بنەمای پێوەرێکی دیاریکراو بەمەبەستی دیاریکردنی هەرێمەکە بەلاَم جوگرافی ناسی ئەمریکی ڕایمۆند مۆرفی دەڵێت هەرێمی شار بریتیە لەو ناوچەی کە کاریگەری شارە گەورەکەی لەسەرە بە واتایەکی تر ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە نێوان دووشاری گەورەتر کە ئەم دووشارە موونافەسە یانە لەسەر ئەوەی کە کامیان دەتوانن زورترین خزمەتگوازری پیشکەشی دانیشتوانی ئەو شارە بچوکە بکات وە زۆرترین دانیشتوان و کڕیاری شارە بچووکە کە بۆلای خۆی کیش بکات لەهەمان کاتدا الهیتی دەڵێت هەرێمی شار ئەو ناوچەیەیە یان ڕووبەرەیە کە دەوری شارەکەی داوە کە ڕووبەری ئەو ناوچە دەگۆڕێت بە گوێرەی گەورەیی و بچووکی قەبارەی شارەکە کە چەندین پەیوەندی و ئاڵو گۆڕکردن لەنێوان شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیە ،بەجۆرێك ناکرێت کە لە یەکیان دابڕی، چونکە هیچان بە بێ یەکتری ناتوانن بژین و بەردەوام بن[٤]. سەبارەت بە جۆرەکانی هەرێمی شار دووجۆری جیاوازی هەرێمی شار هەیە:**

[١] صبری فارس الهیتی وصالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، وزارة تعلیم العالی و البحث العلمی،جامعة بغداد،بغداد،١٩٨٥،ص٣٦٠-٣٦١.

[٢] ندی محمد محمود علی الحجاری،الاقلیم المستقطب للخدمات التجاریة لمدینة الموصل،اطروحة دکتوراة ،کلیة التربیة، جامعة الموصل، الموصل ، ١٩٩٨،ص٧٥.

[٣] عبدالرزاق عباس حسین، جغرافیة المدن،مطبعة اسعد، بغداد ، ١٩٧٧،ص

[٤] بروانە: أ: جمال حمدان،جغرافیة المدن،ط٢، عالم الکتب،القاهرة ،١٩٥٨.ب: عادل عبدالله خطاب،جغر افیة المدن ،مطبعة التعلیم العالی، بغداد،١٩٩٠


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکەم: ئەو هەرێمەی کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە چواردەوری شارەکە، بەشێوەیەك ٨٠٪ ی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە بۆ بەدەست هێنانی کەل و پەلەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان و خزمەتگوزاریەکانیان ڕۆژانە ڕوو لە شارەکە دەکەن. کە ناسراوە بە هەرێمی چڕ**

**دووەم : جۆری دووەم لە هەرێمی شار بریتیە لەو هەرێمەی کە دراوسێی شارەکە نیەو ڕاستەوخۆ بەشارەکەوە نەنووساوە یان ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە چواردەوری شارەکە ،هەر بۆیە ژمارەیەکی کەمتر لە دانیشتوان بەبەراوردکردن بەهەرێمی یەکەم بۆبەدەست هێنانی پێداویستی وداواکاریەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ڕوو لە شارەکە دەکەن پێ دەگوترێت هەرێمی فراوان. بەڵام لەچوارچێوەی هەرێمی بازرگانی دا : دیکنسۆن پێی وایە پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیەکانی شار لەچوارچێوەی هەرێمی شاردا بەسێ شێوە دەردەکەون ، بەجۆرێك کە ئەم پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیە لەلێوارەکانی شارەکەوە دەست پێ دەکات بەرەو ناوچەکانی دە رەوەی شارەکە.**

**چوارچێوەری یەکەم: ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە زۆر نزیکە لەشارەوە بە جۆرێك، کەڕاستەوخۆ بە سنوری شارەکەوە نووساوە، کەناودەبرێت بە ناوچەی گواستراوە لە نێوان شارەکەو لادێ نزیکەکانی دەوروبەری.**

**چوارچێوەی دووەم : ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە بە دووری ٢٥- ٣٠کم لەسەنتەری شارەوە دوورە وە ناوچەیەکە کە جوڵانەوەکانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن تیایدا زۆرترە و کۆگاکانی هەڵگرتنی کەل و پەل و کاڵاکانی لەخۆدەگرێت.**

**چوارچێوەی سێیەم : ئەو ناوچەیە یان چوارچێوەیە دەگرێتەوە کە زیاتر لە ٣٠کم دوورە لە شارەکەوە ئەو ناوچەیە واناسراوە کە شارەکە لەڕووی بازرگانیەوە هەڵدەستێ بەکێ بڕکێ کردنی بازرگانی لەگەڵ ئەو شارانەی کە لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە نزیکن لە خۆی[1].**

**تەوەرەی دووەم: ڕێگاکانی دیاریکردنی هەرێمی شار**

**لەڕاستیدا دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار کارێکی ئاڵۆزەو هەروا ئاسان نیە، هەربۆیە لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا چەند پێوەرێك بەکاردەهێنرێت، بێگومان ئەو پێوەرانەش بنیات دەنرێن لەسەر بنەمای ئەو پیشە و بنچینەیانەی کە شارەکەیان پێ وەسف دەکرێت، وەك ئاشکرایە شار ناوەندێکی گرنگە بۆ کارکردن، خاڵێکە کە بەرهەمەشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکانی گوندەکانی دەوروبەری تێدا کۆدەبێتەوە بەواتایەکی تر بازاڕێکە بۆ کۆبوونەوەو سا غ کردنەوەی کاڵاجۆراو جۆرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شار،هەروەها شار ناوەندێکە بۆ دابەشکرد ن وگەیاندنی کەلوپەلەکانی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ، بەجۆرێك کەناوەندێکە بۆدابینکردنی**

[1] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٦١-٣٦٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خزمەتگوزاریەکانی پەروەردەو تەندروستی و رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی هتدر... هەربۆیە هەریەك لەو خزمەتگوزاریانە هەرێمێکی تایبەت هەیە.

دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار پێویستی بەئامرازی پێوانەکردنی وورد هەیە هەربۆیە لەزۆر ڕوانگەوە و چەندین ڕێگاو شێوازی بیرکاریو هاوکێشەی جیاجیا لە نێوان توێژەراندا بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار، توێژەران لەنێوان خۆیاندا بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو ڕێگاو شێوازانەی کە بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار، بێگومان جیاوازی بیرو بۆچوونی توێژەران لەسەر دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو قۆناغانەی کە شارەکە لە ڕووی گەشە کردنەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت لەگەڵ جیاوازی ئاستی تەکنەلۆجیا وە پەیوەندی بە فراوانبوونی شارنشینەوە هەیە لە هەمان کاتدا بەدەست هێنانی کەل و پەل و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندی بە هێزی ئاستی گوزەران و رۆشنبیرەوە هەیە.ئەمە جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی ڕێگایەك یان زیاتر بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارەکە وەستاوە لەسەر توێژەران خۆیان کە چ ڕێگایەك بە کاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی هەرێمەکە لەگەڵ ئەو داواکاریانەی کە توێژینەوەکە پێوویستیەتی و داوای دەکات [1].
ئەو ڕێگایانەی کە بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار بریتین لەمانەی لای خوارەوە : [2].

یەکەم: ڕێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی.
دووەم: ڕێگای بیرکاری( هاوکیشە بیرکاریەکان)

ڕێگای یەکەم : ڕێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی (مەیدانی)
ڕێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بەکاردەهێنرێت لە دیاریکردنی هەرێمی شاردا کە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ زانیاریەکان بەدەست بهێنرێت ئەمەش لەرێگەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ لەدانیشتوانی ئەو ناوچانەی وەك (شارۆچکەو گوندانەی)کەدەوری شارەکەیان داوە، بەشێوەیەك، ئایە خزمەتگوزاریەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە؟ وە ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەگاتە ئێوەچین؟ پەروەردەیین تەندروستیین رۆشنبیرین کۆمەڵایەتین و کارەباو ....هتدر ئەو خزمەتگوزاریانە لەچ ئاستێك دان؟ وە پرسیارکردن دەربارەی کەل و پەلەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە؟
ناڕاستەوخۆ ئەویش لەرێگەی پرسیارکردن لەلێپرسراوانی بازاڕەکان یان لێپرسراوانی حانووتەکان و لێپرسراوانی فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی دەوڵەت وەك تەندروستی و پەروەردەو کارەباو ...هتدر وە بینینی تۆمارەکان و دیکۆمینت و بە لگەو داتاکانی فەرمانگە جۆراوجۆرەکان هەروەها پرسیارەکان بە شێوەیەك

[1] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٦٢.
[1] مصدر نفسة، ص٣٦٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەلوپەلەکانی ئێوە لەچ شوێنێکەوە بۆتان دێت و دەتوانن تا دووری چەند وە تا چەند شوێن بیان گوازنەوە و بیان گەیەنە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شار[(١)]

**رێگای دووەم : رێگای بنچینەی سەرژمێری و بیرکاریەکان**

دەتوانرێت سنوری هەرێمی شار بە پشت بەستن و بەبەکارهێنانی رێگای سەرژمێری بیرکاری و وە بەپشت بەستن بە هاوکێشەی بیرکاری کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە دیاری بکرێت کە زۆرێك لە توێژەران لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا پشتی پێ دەبەستن لەو رێگایانەش کە بەکاردەهێنرێت بریتیە لە چەند بیردۆزێك وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١- بیردۆزی فیتر fitter theory 2 - بیردۆزی ئاوێتە بوون inter action theory ٣- بیردۆزی راکێشانی (کێشکردنی ) بازرگانی تاك low of retail trade gravition ٤- بیردۆزی خاڵی پچڕان. Breaking point theary ئەمانەی ئاماژەمان پێ دان کۆمە لێك لە و بیردۆزو رێگا بیرکاریانەن کە لە دیاریکردنی هەرێمی شار بەکاردێن لەم توێژینەوەیەدا رێگای بیرکاری بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزێ ئەویش بە پشت بە ستن بە بیردۆزی خاڵی پچڕان ، ئامانج لە دیاریکردنی خاڵی پچڕان بریتیە لەوەی کە ئەو خاڵە شوێنی جیاکردنەوەی هەرێمی ئەو دووشارەیە کە لە رووی قەبارەوە جیاوازیان هەیە، واتا کاتێك ئێمە ئەو دوو خاڵەمان دیاریکرد زۆر بە ئاسانی دەتوانین سنوری کۆتایی هاتنی هەرێمی شارێك دەست نیشان بکەین وە سنوری دەست پێکردنی هەرێمی شارەکەی تریش دەست نیشان بکەین ، بەواتایەکی تر دیاری کردنی ئەو خاڵەی کە دەکەوێتە نێوان دووشارەکە بریتیە لە کۆتایی هاتنی سنوری هەرێمی شارێك و دەست پێکردنی سنوری هەرێمی شارێکی تر[(٢)].

جێ بەجێ کردنی یاسای رایلی بۆ دیاریکردنی خاڵی پچڕان، کە بەکاردێت لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی هەردوو شارەکە بە گوێرەی ئەو یاسایەی لای خوارەوە .[(١)].

---

[(١)] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ، ص٣٦٣.

[(٢)] محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمی یوسف، جغرافیة المدن مبادئ و أسس و منهج ونظریات وتحلیلات مکانیة، دار صفاء للنشر والتوزیع، عمان ، ط١، ٢٠١٠، ص٢٧٧-٢٨٤.

[(١)] محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمی یوسف، جغرافیة المدن ، المصدر السابق، ص٢٧٧-٢٨٤.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

$$\text{دووری خاڵەکە لەشارە بچووکەکە} = \frac{\text{دووری نێوان دووشارەکە (کم)}}{1+\sqrt{\dfrac{\text{ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە}}{\text{ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکەکە}}}}$$

نموونە:

$$\text{دووری خاڵەکە لە شارە بچووکەکە} = \frac{١٠٠\text{(کم)}}{1+\sqrt{\dfrac{٣٠٠٠٠}{١٠٠٠٠}}} = ٣٦.٦\text{کم}$$

دووری نێوان دوو شارەکە = ١٠٠کم

ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ٣٠٠٠٠کەس

ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکە ١٠٠٠٠ کەس

بەم شێوەیە سنوری هەردوو شار أ ، ب دەخاتە ڕوو




**باسی چوارەم: هەرێمی شاری قەڵادزێ**

**لەم باسەدا هەوڵ دەدەین کە هەرێمی شاری قەڵادزێ دیاری بکەین ئەویش بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی هاوکێشەو ڕێگای بیرکاری وەك بیردۆزی خاڵی پچڕانە (قانوونی ڕایلی)**

**باسی یەکەم : جێ بەجێ کردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان(قانوونی ڕایلی) لەسەر شاری قەڵادزێ**

**دوای ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی بیردۆزی خاڵی پچڕان (قانوونی ڕایلی)لەتەوەرەی دووەمی باسی دووەمدا بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارو و هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی بیردۆزی خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شاروە دەست نیشانکردنی خاڵی نێوان ئەو کۆمەڵە شارانەی کەوا لە ڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە جیاوازن لەیەکتری ،بێگومان لەکاتی جێ بەجێ کردنی (پڕاکتیك کردنی) ئەم بیردۆزە بەمەبەستی زانینی سنوری هەرێمی شاری قەڵادزێ بەنسبەت ئەو شارانەی کە لەشاری بچوکترن قەڵادزێ وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە(**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١)دا دیاری کراوە، بەم شێوەیە دەتوانین سنوری هەرێمی شاری قەلادزێ بە پشت بەستن بە دیاریکردنی خاڵی پچڕان لە نێوان شاری قەلادزێ و ئەو شارانەی کە قەبارەیان بچووکترە و دەوری شاری قەلادزێ یان داوە دیاری بکەین بەم جۆرە دەتوانین خاڵەکان بەیەکتری بگەیەنین بە ئامانجی کێشانی هەموو سنورەکانی هەرێمی شارەکە بڕوان نەخشەی ژمارە ( ٤ ) کاتێک کەسنوری هەرێم شاری قەلادزێ مان دیاری کرد ئەم خاڵانەی لای خوارەوەم بۆ دەرکەوت:

١- هەرێمی شاری قەلادزێ شێوەیەکی ڕێکی ئەندازەیی وەرنەگرتووە بەشێوەی چوارگۆشە و لاکێشە ...هتدر، بەڵکو شێوەی هەرێمی قەلادزێ شێوەیەکی سەدیمی وەرگرتووە، بێگومان دروست بوونی ئەم شێوەش دەرئەنجانی چەند هۆکارێکە، زۆر بەکورتی :

أ- بەرزونزمی ناوچەکە لەشێوەی بوونی چەندین شاخی وەك ئاسۆس و مامەندە و کێوەڕەش وزێ بچوك وە هەڵکەوتەی شارەکە لەسەر دەشتی پشدەر وبوونی دۆڵ ئەمانە بەگشتی کاریگەریان هەیە لەسەر دووری نێوان شاری قەلادزێ و شارەکانی دەوروبەری.

ب- بەربلاوی وبەرفراوانی ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتووچۆ لەشار بەشێوەیەك کە شاری قەلادزێ بۆتە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتوچۆی هەریەك لە قەزاکانی( پشدەر، دوکان، ڕانیە) کە پەیوەندی بەرفراوانی لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەیە.

ج- قەبارەی دانیشتوانی شارەکە بەراوورد بە شارەکانی دەوروبەری زۆرترە.

٢- ئەو ململانێیەی کەلەنێوان شاری قەلادزێ و شارۆچکەکانی دەوروبەری دا هەیە، بەهۆی بەرزی گەشەی دیمۆگرافی شاری قەلادزێ بۆتە هۆی ئەوەی کەوا فورسایی و کاریگەری تەواوی هەبێت بەسەر ئەو ناحیەو شارۆچکانەی دەوری قەلادزێ یان داوە، بەشێوەیەك کەوا مەودای ڕووبەری هەرێمی شارەکە بگاتە زۆرێك لەو ناوچەو شارۆچکانەی کە دەوری شاری قەلادزێ یان داوە.

کاتێك سەیری نەخشەی ژمارە ( ٤ ) دەکەین تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ڕووبەری هەرێمی شاری قەلادزێ گەورەتر لەڕووبەری قەزای پشدەر ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە هیچ لەیەك چوون لە شێوەو سنوری نێوان هەرێمی شاری قەلادزێ و قەزاکەدا نابینرێت.

٣- ڕووبەری هەرێمی شاری قەلادزێ بریتیە لە (١٤٥٥)کم ،لەکاتێکدا ڕووبەری تەواوی قەزای پشدەر(١٤٠٢)کم

٤- سەبارەت بەدیاریکردنی سنوری هەرێمی شاری قەلادزێ بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە (٤) بۆمان ڕوون دەبێتەوە سنوری هەرێمی شاری قەلادزێ نزیك دەبێتەوە لەو شارانەی کە دانیشتوانیان کەمە ودووری نێوانیان کەمە وەك سەنتەری ناحیەکانی (هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە، )لەبەشی ڕۆژهەلات وە لە باکوریشەوە نزیك دەبێتەوە لە شارۆچکەی ژاراوەو ناودەشت (سەنگەسەر) ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەوا شاری قەلادزێ بەهۆی گەورەیی قەبارەی دانیشتوانەکەی کاریگەری زیاتری کردۆتە سەر ئەو شارانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە ودەوروبەری شاری قەلادزێ لەهەمانکاتدا هەرێمی شاری قەلادزێ تەواو نزیك دەبێتەوە لە شارەکانی بنگرد و خدران و خەلەکان لە سنووری قەزای دوکان. لەهەمان کاتدا کاریگەری شاری قەلادزێ لەسەر ئەو شارانەش ڕەنگدانەوەی هەیە کەوا قەبارەی دانیشتوانیان زۆرەو دەوری شاری قەلادزێ داوە، بەلام مەودای کاریگەریەکە کەمترە بەهۆی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زۆری ژمــارەی دانیشــتوانی شــارەکان وە زۆری دووری نێــوان ئــەو شــارانە لەگــەڵ ناوچــەی لێکۆڵینــەوە . نمونەکاریگەری شاری قەڵادزێ دوور دەکەوێتەوە لەهەریەك لە شارۆچکە کانی چوارقوڕنەو حاجیاوا و بێتواتە لە سنووری قەزای ڕانیە هەروەها کاریگەری شاری قەڵادزێ لەسەر هەر یەك لە شارۆچکە کانی پیرە مە گرون و دوکان لەسنووری قەزای دوکان کەم دەبێتەوە بێگومان کەم بوونەوەی کاریگەری شاری قەڵادزێ لەسەر هەریەك لەو شارانەی کە ئاماژەمان پێ دان لە هەردووك قەزای دوکان و ڕانیە دەگە ڕێتەوە بۆ بەرزی گەشەی دانیشتوانی ئەو شارانە وە زۆری دووری نێوان ئەو شارانە لەگەڵ شاری قەڵادزێ

لێرەوە بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە( ٤ ) دەتوانین سنوور و شێوەی هەرێمی شاری قەڵادزێ دیاری بکەین بە جۆرێك سنوری هەرێمی شاری قەڵادزێ لە باکوروە تاکو ناحیەکانی سەنگەسەر ژاراوە لەقەزای پشدەرو وە ناحیەی سەرکەپکان لە قەزای ڕانیە درێژ دەبێتەوە، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەگاتە ناحیەکانی هەڵشۆ و هێرۆ لە سنوری قەزای پشدەر لە رۆژئاواشەوە دەگاتە ناحیەکانی چوارقوڕنە لەقەزای ڕانیە لەگەڵ هەردووك ناحیەی خدران و خەلەکان لەقەزای دووکان وە لەبەشی باشووریشەوە نزیك دەبێتەوە لە هەریەك لەناحیەکانی بنگردو سورداش لە قەزای دوکان واتا سنوری هەرێمی شاری قەڵادزێ و کاریگەری شاری قەڵادزێ دەگاتە هەریەك لە قەزاکانی ( پشدەر ،دوکان، رانیە ) ،بێگومان ئەمەش سنورێکی بەرفراوانە کە شاری قەڵادزێ بەخۆیەوە بینیوە لە دەرئەنجامی گەشەی دیمۆگرافی شارەکەو گرنگی شوێن و پێگەی جوگرافی قەڵادزێ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە(٣ )**

**هەرێمی شاری قەڵادزێ**




سەرچاوە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری،بەشیGIS

٢-خشتەی ژمارە(١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خشتەی ژمارە ( ١ )

بیردۆزی خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزێ جێبەجێکردن لەسەرجەم ناحیەکانی قەزای رانیەو پشدەرو دوکان

| قەزا | ناحیە | ژمارەی دانیشتوان | ماوەنی نێوان شاری قەڵادزێ و شارەکانی تر کم | جێبەجێکردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان ماوەی نێوان شاری قەڵادزێ و شارەکانی تر کم * |
|---|---|---|---|---|
| رانیە | رانیە * | ــــ | ــــ | ــــ |
| | چوارقوڕنە | ٣٧٤٣٦ | ٢٥,٤٣ | ١١,٢٠ |
| | حاجیاوا | ٤٤١٥١ | ٣٠,٤٣ | ١٤,٠٧ |
| | بێتواتە | ٦٤٧٩ | ٣٦,٤ | ٨,٩٧ |
| | سەرکەبکان | ٢٣٣١ | ٢٨,٨٧ | ٤,٧٢ |
| پشدەر | قەڵادزێ | ٦١٠٣٨ | ــــ | ــــ |
| | هیرۆ | ٥٥٣ | ١٥,٣ | ١,٣٣ |
| | هەڵشۆ | ٢٤١٢ | ١٠,٩٣ | ١,٨١ |
| | ژاراوە | ٧٤٦٠ | ٦,٨ | ١,٧٦ |
| | ناودەشت | ٨٢٥٢ | ١٣,٤ | ٣,٦٢ |
| | ئیسوێ | ٤٦١ | ١٩,٢ | ١,٥٣ |
| دووکان | دووکان | ٨٦٤٧ | ٣٠,٩٩ | ٨,٤٩ |
| | سورداش | ٢٤٢ | ٣٥,٧٢ | ٥,١٢ |
| | پیرەمەگرون | ٢٣٠٠٦ | ٥٠,٣٥ | ١٩,٩ |
| | خەلەکان | ٢٤٥٠ | ٣٢,٢٩ | ٥,٣٩ |
| | خدران | ١٠٢٣ | ٣١,٤٥ | ٣,٥٦ |
| | بنگرد | ١٠١١ | ١٤,٨٤ | ١,٦٩ |

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی ( الحصر والترقيم)، سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشینی پارێزگای سلێمانی، بەپێی قەزاو ناحیەو شارەوانی ٢٠٠٩.

(٢) بۆ دەرهێنانی دووری نێوان شارەکان پشت بەستراوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان gis 9.3

(٣) بەپشت بەستن بە قانوونی ڕایلی کە ڕێگایەکی بیرکاریە بەکاردەهێنرێت لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شاری قەڵادزێ لە باسی دووەم یاساکەمان بەدرێژی خستۆتە ڕوو

*شاری ڕانیە مان وەرنەگرتوە چونکەی ژمارەی دانیشتوانی زۆرترە لەشاری قەڵادزێ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دەرئەنجامەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە توێژینەوەکەدا باسمان کردون توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەر ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- شاری قەڵادزێ دەکەوێتە باکوری خۆر هەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق،باشووری خۆرئاوای قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی.

٢- شار چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری هەیە ئەو پەیوەندیانەش لەشێوەی دانیشتوان و بازرگانی و ....هتدر خۆی دەبینێتەوە.

٣- ڕووبەری هەرێمی شار کاریگەرە بە قەبارەی دانیشتوانەکەی، چونکە تاکو قەبارەی دانیشتوانی شارەکە گەورە تربێت ئەوا سنووری هەرێمەکەی گەورەتر دەبێت وە تاکو قەبارەی دانیشتوانەکەی بچووکتر بێت ئەوا سنووری هەرێمە کەی بچووکتر دەبێت، شاری قەڵادزێ پاڵپشت بە ژمارەی دانیشتوانەکەی توانیویەتی هەرێمی تاڕادەیەك فراوان بۆخۆی دروست بکات وە کاریگەری تەواو ی پێ کردۆتە سەر شاروشارۆچکە کانی دەوروبەری.

٤- بەپشت بەستن بە بیردۆزی خاڵی پچڕان ( قانوونی ڕایلی) وەبەکارهێنانی قەبارەی دانیشتوان و دووری نێوان شارەکان وە پڕاکتیك کردنی بیردۆزەکە لەسەر شاری قەڵادزێ بۆمان دەردەکەوێت کەوا هەرێمی شارەکە ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیە کە بریتیە لە (١٤٥٥)کم کە فراوانترە لە ڕووبەری قەزای پشدەر.

5- شێوەی هەرێمی شاری قەڵادزێ شێوەیەکی ڕێك و ئەندازەی وەرنەگرتوە .

٦- بێگومان هەموو هەریمێك ناوەندێکی هەیە ، شاری قەڵادزێش بە ناوەندی هەرێمی قەڵادزێ (پشدەر) دادەنرێت وە ڕووبەری ئەو هەرێمەبەگوێرەی قەبارەی دانیشتوانی شارەکە بە ئاڕاستەی جیاواز درێژ بۆتەوە.

## پێشنیارەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو:

١- گرنگی زیارتر بە شاری قەڵادزێ بدرێت لە ڕووی ئاوەدانی بیناسازی و دیمۆگرافی ، چونکە خاوەنی یەکێك لە شوێنە جوگرافیە باشەکانە بەهۆی هەڵکەوتەی لەناوچەیەکی دەشتایی دەوڵەمەند وەك دەشتی پشدەر و سەنتەریەتی شوێنەکەی بەنسبەت ناوچەکانی دەوروبەری وە گونجاوی شوێنەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بەهۆی نزیکی لەسنووری ئێران ئەمە جگە لەوەی لەم چەند ساڵانەی دوایشدا لەڕووی دیمۆگرافیەوە بەخێرای گەشەی کردووە.

٢- هەوڵدان بۆ گرنگی دان بە داتاکانی ژمارەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و شارۆچکە کانی دەوروبەری بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت سوود لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕاپەڕین وەربگیرێت و ووردەکاری بۆ داتاکان بکرێت، چونکە داتاکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی بەدەرنین لە هەڵەو کەم وکورتی.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان  بەزمانی کوردی

**کتێب**

١- سلێمان عەبدوڵلا ئیسماعیل، تایبەتمەندیەکانی باران بارین لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢- خەبات عەبدوڵلا، بنەما تێوریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ، ٢٠٠٥.

٣- خەلیل ئیسماعیل محمد، کێشەی کورد لە حەقیقەتە مێژووییەکاندا واقیعی جوگرافیای ناوچەکەدا، جیۆستراتیجی کوردستانی عێراق، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.

**گۆڤارەو ڕۆژنامەکان**

١- خلیل اسماعیل محمد، کۆچی توانا زانستیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی سلێمانی، کۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە ( ٣ ) ساڵی سیانزە هەم ٢٠٠٢.

**نامە زانکۆییەکان**

١- شادی حمید محەمەد، ڕێگاکانی ئوتۆمبیل لەپارێزگای سلێمانی ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

**فەرمانگە حکوومیەکان**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری ،بەشی Gis.

٢- بەکارهێنانی ئامێری Gps  جۆری Garmin  rino  120.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ، نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ ، ساڵی ٢٠٠٩، بەپێوەری (١:٤٠٠٠).

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئا وەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین ، بەشی تەکنیکی

٥- بەهۆی بەرنامەی(google Earth)و نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ لە ساڵی (٢٠١٦) شوێنی فەلەکی شاری قەڵادزێ دیاری کراوە.

٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی ( الحصر والترقیم)، سەرژمێری گشتی دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشینی پارێزگای سلێمانی، بەپێی قەزاو ناحیەو شارەوانی ٢٠٠٩.

٧- بۆ دەرهێنانی دووری نێوان شارەکان  پشت بەستراوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان gis 10.3


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

٨- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشە سازی سلێمانی ،نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠٩.

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

**الكتب**

١- صبری فارس الهيتى و صالح فليح حسن،جغرافية المدن ،وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، جامعة بغداد،بغداد،١٩٨٥.

٢- عرب دعكور،تاريخ المجتمع الريف و المدنى ،دار المواسم للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٤.

٣- عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المكتب الجامعى الحديث، يعن تمز، ٢٠٠٨.

٤- عبدالله عطوى، جغرافية المدن الجزء الآول، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠١.

٥- عبدعلى الخفاف و محمد صالح المرسومى، المبادئ العامة الجغرافيا المدن، دار الكندى للنشرو التوزيع، ٢٠٠٠.

٦- جاسم محمد الخلف، محاضرات في الجغرافية الطبيعية و الأقتصادية والبشرية، ، ١٩٦١، القاهرة.

٧- عباس فاضل السعدى، منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦.

٨- نيس. هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد علاة، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧.

٩- ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق و أثره في تأريخيه العام حتى الفتح الاسلامى، الجزء الاول، مطبعة شفيق، بغداد، بدون سنة طبع.

١٠- محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمى يوسف، جغرافية المدن مبادئ و أسس و منهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، ط١، ٢٠١٠.

١١- جمال حمدان، جغرافية المدن، ط٢، عالم الكتب ، القاهرة ،١٩٥٨.

١٢- عادل عبدالله خطاب ،جغرافية المدن، مطبعة التعليم العالى ،بغداد، ١٩٩٠.

**مصادر الحكوميه**

١- وزارة الدفاع، خارطة القوات المسلحة العراقية العسكرية ،قلعةدزة ،بقياس(١:١٠٠,٠٠٠) سنة ، ٢٠٠٠.

**اطاريح و رسائل الجامعية:**

١- فؤادحمة خورشيد، قضاء بشدر دراسة في الجغرافية البشرية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٣.

٢- سناء عبدالباقى بكر، مصادر الثروة الطبيعية فى حوض دوكان و سبا صيانتها، رسالة ماجتير،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٣

٣- ندى محمد محمود على، الاقليم المستقطب للخدمات التجارية لمدينة الموصل ،اطروحة دكتوراة ،كلية التربية، جامعة الموصل ،الموصل، ١٩٩٨.

**پوخته**

**هیچ شارێك ناتوانێت به تەنها بژیت ، بەڵكو پشت بە ناوچەكانی دەوروبەری دەبەستێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە هەموو شارێك خاوەنی ڕووبەرێكی جوگرافی بێت بۆ ئەوەی شارەكە لە ژیان و گەشە كردنی دا پشتی پێ ببەستێت ، بەلاّم ئەو ڕووبەرە جوگرافیەی كە شارەكە پەیوەندیەكانی لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری تێدا ئەنجام دەدات هەروا بەئاسانی دیاری ناكرێت، هەر بۆیە چەند ڕێگایەكی جیاواز هەیە بۆ دیاریكردنی ئەو ڕووبەرە جوگرافیەی كە پێی دەگوترێت هەرێمی شار. لەم توێژینەوەیە دا ڕێگای بیردۆزی خاڵی پچڕان بەكارهێنراوە بۆ دیاریكردنی سنووری هەرێمی شاری قەلاّدزێ بەگوێرەی هەموو ئەو شارانەی كە لە خۆی بچووكترن، هەربۆیە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكە میتۆدەكانی وەسفی و بەراووردكاری بەكارهێنراوە لەگەڵ پەیرەو كردنی شێوازی چەندیەتی ، بۆدیاریكردنی سنووری هەرێمی شاری قەلاّدزێ پشت بەستراوە بە قەبارەی دانیشتوانی شارەكان و دووری نێوانیان. ئامانجی توێژینەوەكە بریتیە لە دیاریكردنی هەرێمی شاری قەلاّدزێ كە یارمەتی دەرێكی باشە بۆ دیزاینكردنی نەخشە بنەڕەتیەكانی شارەكان و ناوچەكانی دەوروبەری وە زەمینەیەكی گونجاو بۆ پرۆسەكانی پلان دانان و گەشە پێدانی هەرێمی ئامادە دەكات لەهەمان كاتدا دەتوانرێت پشتی پێ ببە سترێت لە دووبارە داڕشتنەوەی سنووری هەیكەلە كارگێرپەكاندا . لەكۆتایی دا توێژینەوەكە گە یشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە ژمارەی دانیشتوان ڕۆڵێكی كاریگەرو بەرچاوی هەیە لە فراوانبوونی ڕووبەری هەرێمی شاری قەلاّدزێ بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی شاری قەلاّدزێ بەراوورد بە شارەكانی دەوروبەری.**

**الملخص**

لايمكن لأي مدينة من المدن أن تعتمد على ذاتها" في تأمين متطلبات الحياة والإكتفاء الذاتي ، بل لابد أن يكون له علاقات مع المحيط الجغرافي للمدينة، حسب المساحة الذي يستغلها ، وتحتل اقليم المدينة اهمية خاصة لدى المختصين في جغرافية المدن ،لأن لها علاقة متشعبة مع ما يجاورهامن المدن والقرى على اساس" العلاقات الإقتصادية ،والإجتماعية ،والسكانية ،والصحية ،والتعليمية ،يكون جزء متكامل ومستقل مكانياً، وهو شكل من أشكال" التنظيم المكاني والزماني، بل التاريخي لأن مدينة قلعة دزة من المدن التاريخية، العامل الحاسم في تحديد إقليم المدينة هي طرق الموصلات ، من المعروف إن مدينة قلعة دزة،يرتبط بعلاقات مع المدن والقرى المجاورة داخلياً، ومع الجارة جمهورية ايران الإسلاميةخارجياً،يتم عبر حدودها عمليات التبادل التجاري ، والإجتماعي ، والمعلوماتي ، والمالي ،هذه الخصائص والعلاقات الداخلية والخارجية الذي يتصف بها مدينة قلعة دزة مع علاقاتها المتشعبة مع اقليمها الجغرافي، ولقياس العلاقة مع اقليم المدينة تم إستخدام نظرية التعادل عند نقطة الإنقطاع في تحديد حدود اقليم مدينة قلعة دزة، ومقارنتها مع المدن الصغيرة المجاورة لها، بالإضافة الى ذلك تم استخدام الاسلوب الكمي، بالإعتماد على الإحصاء السكاني في منطقة الدراسة "من حيث حجم السكان، والبعد بين مدينة قلعة دزة مع المدن والقرى المجاورة،، الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تعين حدود اقليم مدينة قلعة دزة،ليكون اساسفي تصميم خارطة المدينة والمناطق المجاورة للمدينة،بغية الاستفادة منها للتخطيط والتنمية الإقليمية المستقبلية، فضلاً عن ذلك يمكن الإعتماد عليها، في إعادة الحدود الإدارية للمدينة ، وبغية الوصول الى هدف البحث تم استخدام "المنهج الوصفي، والمنهج المسحي، التحليلي لتحديد حدود اقليم المدينة مع المدن والقرى المجاورة.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

No cities can live alone, the site of city is important, but each city has a communication with the surrounding area. The situation is also important, these are the causes to all cities have a specific geographical area for depending of living and developing. It is not easy to determine of these specific place that the city have a communication with the surrounding area. Therefore we have a more methods for selecting district of the city. In this research the theory of cut-point is used for selecting of Qaladze district city with the small cities compare to Qaladze. In this paper I used the methods of describe and comparative with the quantative method. For determine ofQaladze district city I depended of the size of population in the cities nearby Qaladze with the distance them. The aim of the research is determining of Qaladze district city, because it is a good factor for helping authorities to have planning ahead to regional developing and adminisrative structure.  At the end the result of this paper we believe that the number of population have a great role to widening area inQaladze district city with the surrounding cities.




e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)